# له کۆبوونەوەی ئەمرۆی بۆردی راوێژکاری باس له کێشەی له سێدارەدان و توندوتیژی و هۆکاری چارەسەرییەکان کرا.




له درێژەی کۆبوونەوەکانی بۆردی راوێژکاری له وەزارەت بەبەشداریکردنی ژمارەیەك لەم رێکخراوەنا حکومیانەی له هەرێمی کوردستان له بواری مافی مرۆڤ کار دەکەن ئەمرۆ (٢٠٠٨/٣/٢٥) له هۆڵی کۆبوونەوەکانی وەزارەت به ئامادەبوونی بەرێز د. شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ کۆبوونەوەیەکی تر سازدرا.

بەپێی خشتەی کارەکانی کۆبوونەوەکە که لەلایەن بەشی رێکخراوەکان له دیوانی وەزارەت ئامادەکرابوو له سەرەتادا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو دیدارەکرد که لەگەڵ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەنجامیدابوو و تیایدا بەدرێژی گفتوگۆیان لەمەڕ سزای له سێدارەدان کردبوو که لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناکۆکە، داواشیکردوە ئەم سزایە به پێی ماوەی ئەم بڕیارەی بۆ دانراوە که ماوەی دوو ساڵ کاری پێدەکرێ و خەریکە تەواو دەبێ هەڵبگیرێ، چونکە له زۆر لایەنی پەیوەندیدارەوە ئاگادارکراونەتەوە ئەم کارە لەگەڵ سیستەمی مەدەنیەت و دیموکراتیەت ناگونجێ، بەلام سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باشە جارێ ئەم سزایە بمێنێ، چونکە بارودۆخی وڵات وا دەخوازێ... وەزیری مافی مرۆڤ.

هەرلە روانگەی ئەم باسەوە ئەوەشی راگەیاند لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆکن لەسەر ئامادەکردنی پرۆژەیەك بەمەبەستی کورتکردنەوەی ماوەی ئەم سزادانە ئەویش بگاتە ئەو ئاستەی که تاوانبار بەحەق شایستەی له سێدارەدانە.

لەم رووەوە سەرۆکی پەرلەمان بەڵێیندا ئەم مەسەلەیە له دووتوێی پرۆژەیەك بخاتەروو.

لەبڕگەیەکی دیکەی خشتەی کارەکانی ئەم کۆبووەوەیە کە تیایدا نوێنەرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و (قونسوڵیەی بەریتانی) و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ئەندام لە بۆردی ڕاوێژکاری ئامادەیبوون گفتوگۆ لەسەر لیژنەی بەدواداچوون و توندوتیژی دژی ژنان کرا و کۆمەڵێ ڕاو بۆچوون و پێشنیار هاتە ئاراوە و ئاماژەش بەهەندێ دیاردەی زەق کرا کە ئەمڕۆ ئەم ڕەوشە بەدەستیەوە دەناڵێنێ و باسیش لەوە کرا هەندێ لەم شوێنانەی بۆ حەوانەوەی ئەم جۆرە ئافرەتانە دانراون دەرەقەتی وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەیان نایەن لەمانە سەنتەری (نەوا) چونکە نەبوونی جێگا و ڕێگا و پشتگیری هۆکارێکە بۆ ئەم مەسەلەیە.

لایەکی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخانکرا بۆ گوێگرتن لە پێشێلکارییەکانی دژی منالآن بۆیە بۆردی ڕاوێژکاری بڕیاریدا لە کۆبوونەوەی ئایندەدا تەوەرێکی تایبەت بەم مەسەلەیە بکرێتەوە و بە تێروتەسەلی لەسەر ئەو پێشنیار و داتایانە بدوێن بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆی.

هەروەها بەشداربووان پێشنیاری ئەوەیانکرد کە ورك و شۆپ و خول بکرێتەوە بەتایبەت لەناو دادگاکان تا لە نزیکەوە بچنە ناو کێشەکانەوە لەبەرامبەردا د. شوان محەممەد عەزیز ئامادەباشی وەزارەتی لەرووی دابینکردنی بوودجە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە خول و وۆرك شۆپ بۆ ئەم کارە دەکەنەوە دەربری و بە هەنگاوێکی سوودمەندی وەسفکرد.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بەشێك تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتەکانی (یۆنامی) و (وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا) کە بەم دواییانە لەمەر چۆنیەتی بەرێوەچوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەموو وڵات ئامادەکرابوو لە برگەیەکیشدا باس لەم ڕەوشە لە کوردستاندا دەکات و چەند ڕاوبۆچونێك لەم رووەوە هاتە ئاراوە بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە مەسەلەکان و پەیوەندیکردنی زیاتر تا بە ڕاست و دروستی لەمەودوا ڕاپۆرتەکان دابرێژرێتەوە.

لەتەوەری پێشنیارەکانیش زیاتر ئەوە خرایە ڕوو کە ئەم بەرێوبەرایەیتانەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان کردونیەتەوە هەر تەنها ناو شارەکان نەگرێتەوە بەڵکو شارو شارۆچکەکانیش بگرێتەوە و پشتگیری تەواویشیان لێ بکرێ تا لە ئان و ساتی خۆیاندا کارەکانیان بەسەرکەوتوویی بکەن..

ئەم کۆبوونەوەیە کە هەردوو بەرێوبەرانی گشتی کاروباری مافەکانی مرۆڤ و دیوانی تیا ئامادەبوون نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.